cyan magenta yellow black File: p.14-15 fl ˙ Æ˝ ” 2





# بۆستن پێنجەمین سەرکەوتنی لەسەر یەک تۆمار کرد

یانەی بۆستن لەیاری رابردوویان سەرکەوتنی ژمارە 32ی لە 42یاری تۆمارکرد، کە پێنجەمین سەرکەوتنی لەدوای یەکە لەخولی تۆپی باسکەی پیشەگەرانی ئەمریکا و خاوەنی ژمارەی پێوانەیی ئەم خولەیە بە 17 نازناو، یانەی بۆستن پارێزگاری لەپێشەنگی هەرێمی رۆژهەڵاتی کرد و پێش یانەی تۆرینتۆ راپتۆرەز کەوتەوە، کە ئەویش لەلایەن خۆیەوە لەیانەی میلۆکی باکس بردەوە بەئەنجامی 110-129 خاڵ. ئەم سەرکەوتنەی بۆستن زۆر ئاسان نەبوو، لەگەڵ ئەوەی هەردوو یانە لەچارەگی یەکەم یەکسان بوو، بۆستن لەدووەمدا سەرکەوتنی تۆمارکرد و بەهەمان شێوە. باشترین تۆمارکەری یانەی بۆستۆن یاریزانی یەدەگ مارکۆس سمارت بە 18خاڵ بوو، پاشان یەدەگی تر تێری رۆزیێ 14خاڵی تۆمارکرد و ئینجا کایری ئێرڤینگ 16خاڵی تۆمارکرد لەگەڵ 9بەدواداچوون و 8تۆپی یەکلاکەرەوە.

# بۆنۆچی: بایەخ بە قسەی خەڵکی نادەم

لیونارد‌ۆ بۆنۆچی، کاپتنی یانەی میلانی ئیتاڵی، دڵخۆشی خۆی بەو گۆڵە دەربڕی، کە لە گۆڵی کرۆتۆنی لە گەڕی 20خولی ئیتاڵیا تۆماری کرد، کە سێ خاڵی بۆ رۆسۆنێری پێ بەدەستهێنا. بۆنۆچی دوای یارییەکە لێدوانی بۆ رۆژنامەی (توتو میرکاتۆ) دا و وتی:"ماوەیەکە هەموو لێم دەپرسن، لەبەرچی لە گۆڵ تۆمارکردن دوور کەوتوومەتەوە، ئەمڕۆکە متمانەیانم پێم دووپات کردەوە، ئەمڕۆ لە گێمی یەکەم گیانی تیپم، لەگەڵ مەینەتی لە دواین دە خولەکدا بینی، ئەو شێوازە بۆ سەرەتای ساڵێکی تازە باشترینە". لە بارەی پارسیاری ئایا بردنەوە لە دێربی لە ئینتەر، لە جامی ئیتاڵیا، خاڵی وەرچەرخانە لە کاروانی میلاندا وتی:"ویستمان بۆ راپەڕین هەبوو، بەڵام بردنەوەی دێربی، وایکرد لەسەر ئاستی متمانە و رێزگرتن لە خۆمان گەشە بکەین، هێشتا دەتوانین باشتر بین". بۆنۆچی وتیشی:"چەپڵەلێدانی جەماوەر بۆمان، شتێکی خۆشە، هاندەران باوەڕیان پێمان هەیە، بۆیە دەبێت لەسەر یاریگە وەڵامیان بدەینەوە". بۆنۆچی لە کۆتاییدا لە بارەی دەنگۆیەکانی رۆیشتنی لە رۆسۆنێری وتی:" گرێبەستەکەم لەگەڵ میلان تاکو ساڵی 2022، نابێت هیچ بایەخێک بەو قسانە بدەین، چونکە چەندین کەناڵ و رۆژنامە هەیە، کە دەیەوێ لە ئیتاڵیا رووبەرێک بۆ خۆی بگرێت".

**رەمزی میرەکانی**

# دۆگلاس داوای گەڕانەوەی بۆ بەرشلۆنە دەکات



بەرشلۆنە لەهەوڵی ئەوەدایە دەرچەیەک بۆ خۆرزگارکردن لە بەرگریکاری بەرازیلی دۆگلاس پیریرا بدۆزێتەوە، کە داوای کردووە خواستنی لەگەڵ بەنفیکا کۆتایی پێ بێت و لەگواستنەوەکانی زستانە بگەڕێتەوە کاتەلۆنیا. رۆژنامەی (مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ) دەڵێت دۆگلاس نایەوێت وەرزەکەی لەگەڵ یانەی بەنفیکا تەواو بکات، بەڵکو دەیەوێت لەگواستنەوەکانی زستانە بگەڕێتەوە بەرشلۆنە بۆ ئەوەی داهاتووی خۆی لەگەڵ یانەکەی یەکلایی بکاتەوە. بەگوێرەی هەمان سەرچاوە دۆگلاس ئارەزوو دەکات بگەڕێتەوە بەرشلۆنە بە ئامانجی گەیشتنی چەند بۆندێکی تازە لەگواستنەوەکانی زستانەدا، بەهۆی ئەوەی ئێستا لەنەخشەی بەنفیکا بەتەواوی دەرچووە و چەند خولەکێکی کەم نەبێت بەشداری خولی پورتوگالی نەکردووە. دۆگلاسی تەمەن 27ساڵ بۆندەکەی تا ساڵی 2019لەگەڵ یانەی کاتەلۆنی بەردەوام دەبێت، کە ئێستا بەخواستنی یەک وەرز بۆ بەنفیکای پورتوگالی یاری دەکات.

# کارلۆس تێڤێز بۆ جاری سێیەم گەڕایەوە بۆکا جۆنیۆرز



یانەی بۆکا جیۆنیۆرزی رکابەر لەخولی ئەرژەنتینی رایگەیاند کە بۆ جاری سێیەم بۆندی هێرشبەرو یاریزانی پێشووی کارلۆس تێڤێزی واژۆکردەوە، دوای ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ یانەی چینی شینهوا شەنگهای کۆتایی هات. تێڤێز کە لەمانگی رابردوو چووە ناو تەمەنی 34ساڵ چاوی بەراهێنەری یانەی بۆکا گێرمۆ بارۆس سکیلۆتۆ کەوت، کە خەریکی خۆ ئامادەکردنن بۆ وەرزی تازە لەکۆمەڵگای لۆ کاردالێس. یانەی ئەرژەنتینی رایگەیاند: جارێکی دیکە بۆندی یاریزانی پێشوویان تێڤێزی واژۆکردۆتەوە، بەڵام ناوەڕۆکی بۆندەکەی ئاشکرا نەکرد، هەروەها یانەی چینیش ئاماژەی بەوەنەکرد هیچ پارەیەکی لەچوارچێوەی ئەم بۆندە وەرگرتبێت. تێڤێز کە خاوەنی 76 یاری نێودەوڵەتییە لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لەکاروانی وەرزشیدا لەساڵانی 2001و 2004یاری بۆ یانەی پایتەخت بۆکا کردووە، پاشان چووە ریزی کۆرنسیانزی بەرازیلی و وێستهام یونایتدی ئینگلیزی، دواتر مان یونایتد و دراوسێکەی مان سیتی. هەروەها توانی لەگەڵ یانەی یۆڤنتۆسی ئیتاڵی نازناوی خولی کالیچیۆ لەساڵانی 2014و 2015بەدەست بێنێت، بەر لەوەی بۆ ماوەیەکی کورت بگەڕێتەوە بۆکا جۆنیۆرز، تیڤێز لە ساڵی 2017چووە یانەی شینهوای چینی و لەگەڵ ئەو یانەیە نازناوی جامی یەکێتی چینی لەساڵی رابردوو بەدەستهێنا.